# زۆری گۆڤار و رۆژنامەکانی تایبەت بە وەرزش لە کوردستان تا




**دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ رۆژنامە و گۆڤارەکان کە تایبەتە بە وەرزش رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیاد بوون دەکات بەڵام زۆری ئەم رۆژنامە تا چەند دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان؟ تا چەند رۆژنامەنووسەکانی وەرزشی توانیتیان گشت هێڵە سوورەکان ببەزێنن؟ ئایا بەرژەوندی تایبەت تا چەند کاریگەرە لە کارەکانی رۆژنامەنووسی وەرزشی؟**

**گشت ئەم پرسیارانە ئارستەی چەند رۆژنامەنووسی وەرزشی شاری هەولێرمان کرد کە ئەوانیش بەم شێوەیە هاتنە وەڵام.**

**سەرەتا رۆژنامەنووسی بە توانا مامۆستا سەرتیب فاریق سەبارەت بەم بابەتە گوتی:**

دوای راپەڕین رۆژنامەکانی تایبەت بە وەرزش رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوون دەکات ئەمەش شتێکی یەکجار باشە چونکە چەند ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە زیاد بێت ئەوندە زیاتر خزمەتی بواری وەرزش دەکات لە کوردستان بەڵام دەبێ گشت رووداوەکان بە راستی بگاتە دەستی خوێنەر تاکوو بتوانن بڕیار لەسەر ئەم رووداوە بدەن یاخوود پرۆژەییێەک ئەنجام دەدرێ دەبی رۆژنامەکان باشی و خراپی ئەم پرۆژەیە بەدیار بێخەن تاکوو بتوانن کەموو کوڕییەکان راست بکرێتەوە و هەندێک کەموو کوڕی لە رۆژنامەکان هەیە ئەویش تەنیا باسی شتە خراپەکان دەکەن و رەخنەی لێ دەگرن و بە هیچ شێوەییەک باسی شتە باشەکان ناکەن، بەداخەوە هەندێک رۆژنامەنووس لە سێ یاخود چوار جێ کاردەکەن و بوار بە لاوەکان نادەن تاکوو کاربکەن ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە رۆژنامەنووسی لاو بە کەمی بێتە نێو وەرزش هیوادارم لە دوا رۆژ ئەم دیاردەیە نەمینێت.

**دواتر سامان بریفکانی سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی خەباتی وەرزش گوتی:**

زۆری رۆژنامە و رۆژنامەنووسەکان کارێکی یەکجار باشە چونکە ململانێیک لە نێوانییان پەیدا دەبێت و دەبێتە هەنگاوێک بۆ بەرەو پێش چوونی رۆژنامەگەری وەرزشی لە کوردستان،

ئێمە کە باسی رۆژنامەنووس دەکەین وەشەی رۆژنامەنووس وەشەییێەکی زۆر پیرۆزە ئەو کەسەی کە بەرژەوەندی دەخاتە نێو کارەکەی یاخود ماستاوچیاتی دەکات ئەمە پی ناگوترێت رۆژنامەنووس، و رۆژنامەنووسی راستەقینە چەند سیفاتێکی تایبەتی خۆی هەیە یەکێک لەم سیفەتانە دەبێ زۆر بوێر بێت و چالاک بێت لە کارەکەی خۆی و ئەگەر ئەکادیمی بێت ئەوە زۆر باشە و دەبێ رۆشنبیر بێت و هەندێک شت هەیە ئەگەر رۆژنامەنووس ئەنجامی دا ئەوە بە هیچ شێوەیەک رۆژنامەنووس نییە بۆ نموونە زۆر لە پەیامنێرەکان کە چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک یاخود وەرزشوانێک دەکەن ئەوە چاویان لەوەیە کە شتێکیان بداتی ئەو کەسەش شتێکی دەداتی تاکوو ئەو رۆژنامەنووسە نەتوانی هیچ شتی خراپی لەسەر بنوسێت ئەمەش یەکێکە لە شتە سەلبیەکانی رۆژنامەنووس لە کوردستان، دوو جۆرە هێڵی سوور هەیە یەکەم هێڵی سووری گشتی وەکو نەبەزاندنی سنووری رێزگەرتن و نەبزاندنی دابوونەریتی کوردواری ئەمانە هەر هەمووی هێڵی سوورن و دووەم هێڵی سوور ئەویش کە بەرپرسەکان لە بەردم رۆژنامەنووس دادەنێن و دەبێ رۆژنامەنووس ئەم هێڵە سوورە بە خۆی ببەزێنێت و یەک بە خۆم ئەگەر من لە سەر بڕینی ئەم جۆرە هێڵە سوورە دەستگیر بکرێم یاخود لە سەر کارەکەم دەرم کەن ئەمە شانازییە بۆ من، ئێستا لە دونیا باوە لە گشت رۆژنامەکانی جیهان هەواڵی دەرەوە زیاتر لە هەواڵی ناوخو بڵاودەکەنەوە و گشت رۆژنامەکان ناچارن بایەخ بە هەواڵی دەرەوە بدەن چونکە خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە بەڵام ئیبرازکردنی هەواڵە ناوخۆیەکانی خۆمان زۆر گرنگترە بۆ ئێمە چونکە زۆربەی رۆژنامەنوسەکان یاریزانەکانی خۆمان ناناسن یاخود چالاکییەکانی خۆمان نازانن.

**پاشان رۆژنامەنووس زاگرۆس نانەکەلی بەرپرسی لاپەرەی وەرزش لە رۆژنامەی نوێ گوتی:**

رۆژنامەی وەرزشی لە کوردستان دوای راپەڕین هەنگاوێکی باشی هاوێشتووە بەڵام تا رادییەک ئەکتیڤ نییە چونکە زۆربەی هەواڵەکان لە قالبی وەرگێڕانە، من پێشنیارێک پێشکەش بە

# چەند دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان؟

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم کە رۆژی ٦/١٤ بکرێتە رۆژی رۆژنامەگەری وەرزشی کوردی چونکە لەم رۆژە دا لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم رۆژنامەی تایبەت بە وەرزش لە کوردستان دەرچوو بە ناوی پاشکۆی مۆندیاڵی ١٩٩٤ کە دەستەی نووسەران لە زاگرۆس نانەکەلی و مەحمەد سەعید کوردە و سەلاح حەسەن پێک هاتبوون کە بۆ ماوەی مانگێک ئەم رۆژنامە بەردوام بوو، دەبێ کۆمەڵێکی رۆژنامەنووسانی وەرزشی ئەکتیڤ لە کوردستان دابمەزرێت و هەروەها لە جیهان رۆژنامەنووسی وەرزشی لە سیاسەتیش لە پێشترە.

**دواتر رۆژنامەنووس عەدنان گەردی گوتی:**

زۆری رۆژنامەکانی وەرزشی لە کوردستان و بە تایبەتی لە هەولێر رۆڵێکی نیگەتیڤی هەیە و جیگای داخە تا ئێستا کۆمەڵێکی تایبەت بە رۆژنامەنووسی وەرزشی لە کوردستان دەست بە کار نەبووە و کاریگەرییەکی خراپی لەسەر رۆژنامەنووسەکانی وەرزشی کرد، کاتێک رۆژنامەنووس کارێک ئەنجام دەدات دەبێ رچاوی بەرژەوندی گشتی بکات و دەبێ رۆژنامەنووس بیر لە هیچ سانسۆرێک نەکاتەوە.

**پاشان رۆژنامەنووس سەلیم نووری گوتی:**

رۆژنامەی وەرزشی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و تا رادییەک ئازادی لە نووسین هەیە بەڵام بەداخەوە کەسانێک هەن لە بەرپرسان نیگەران دەبن کاتێک تووشی رەخنە دەبن و گشت رەخنەکان چاکسازییە و تا ئێستا رۆژنامەنووسمان نییە کە بتوانی شیکردنەوەی یارییەکان بکات ئەم بەشەش لە کوردستان فەرامۆش کراوە چونکە زۆر گرنگە و لە جیهان بایەخێکی زۆری پێدەدن و هەروەها زۆربەی رۆژنامەکان هەواڵەکان بە ناڕاستی و بەهەڵە دەنووسن دەبێ سانسۆرێک هەبێت و دەبێ رێگا بەو رۆژنامەنوسانە نەدرێت کە هیچ باگراوەندی وەرزشی نییە بێتە نێو بوارەکە هیواردرم رۆژنامەنووس هەر شتێک بنووسی دەبێ بیر لە بەرژەوندی گشتی بکاتەوە نەک بەرژەوندی تایبەتی و خزمەتی بواری وەرزشی بکات و ببێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی وەرزش.

**دواتر رۆژنامەنووس هونەر عومەر گوتی:**

چەند بڵاوکراوی وەرزشی و گۆڤار و رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندن و چەند گرنگی بە بواری وەرزش بدەن لە گشت شارەکانی کوردستان بێگومان دەبێتە رۆشناییەک بۆ پێشخستنی بواری وەرزش لە کوردستان بۆ پەرەپێدانی بواری وەرزش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی وەرزش لە گشت یارییەکاندا ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشکەوتنی یاریزانەکان لە هەموو بوارەکان و سودەکانی زۆری رۆژنامەی وەرزشی ئەمانەن کە دەبێتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی رۆژنامەنووسی وەرزشی و هەروەها بوار بە لاوەکان دەدرێت کە بێنە نێو رۆژنامەگەری کوردی و هەروەها ئەو سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسین کە بە کارتۆنی ناوییان لە روپەڕەکانی رۆژنامەکان هەیە ئەویش نامینێت، لە دوای راپەڕین خەڵکی کوردستان تامەزرۆی هەواڵی وەرزشی جیهانی بوون و ئێستا خوێنەر لە ٦٠٪ بایەخ بە هەواڵەکانی دەرەوە دەدەن و لە ٤٠٪ تامەزرۆی هەواڵی ناوخۆن وپێشتر چەندین رۆژنامەنووس هەبوو تەنیا هەواڵەکان لە زمانی عەرەبی وەریاندەگێڕا بۆ کوردی بەڵام ئێستا لە گشت رۆژنامەکان هەمووی بایەخ بە هەواڵەکانی ناوخۆ دەدەن وبۆتە هۆیەک بۆ کەم بوونی ئەو رۆژنامەنووسانە کە بایەخ بە هەواڵی وەرگێڕان دەدەن و بەرو نەمان دەڕوات، هەر رۆژنامەنووسێکی کارا و چاو نەترس ئەوە دەتوانی گشت ئەو هێڵە سورانە ببەزێنێت بەڵام هەر رۆژنامەنووسێکی چاو ترس ئەگەر هێڵی سوریشی بۆ دانەنێن ئەوە ناتوانێت هیچ شتێک بکات و رۆژنامەنووس دەبێ خۆی ئەم هێڵە سورانە ببەزێنێت، هەروەها خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسی وەرزشی دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی بواری وەرزش کە لەم ماویەدا گەورەترین دابشکردنی خەڵاتەکان لە کوردستان ئەنجام درا و خەڵاتکردن ئەوە نییە کە شتێکی گران بەها وەربگری بەڵام خەڵاتکردن رێزلێنانە لە کارەکانییان بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە کارەکانیان بدەن.

**لە کۆتایشدا رۆژنامەنووس سامان سلێمان گوتی:**

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە رۆژنامەکانی وەرزشی کە بە شێوەییەکی زانستی پێش نەکەوتینە تەنیا مەبستیان بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانە و هەندێک رۆژنامە هەیە کە زۆربەی لاپەڕەکانیان بە ریکلام پڕدەکەنەوە بۆیە ناتوانن پێش کەوەن و بەداخەوە تا ئێستا رۆژنامەکانی وەرزشی نەیانتوانیوە خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە هەندێک لە رۆژنامەکانی وەرزشی سەر بە لایێنێکن کە ئەوان سانسۆریان بۆ داناون کە ناتوانن ئەم سانسۆرانە ببرن و هەروەها نەبوونی بودجەی تەواو بۆ ئەو رۆژنامانە کە سەربەخۆن و دەبێ گشت رۆژنامەکان بە شێویەکی زانستی مامەڵە بکەن تاکوو زیاتر پێش کەوێت بۆ خزمەتکردنی بواری وەرزش، هەندێک رۆژنامەنووس هەیە کە قەڵەمەکانییان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن و ئەو کەسانە زۆر هەڵەن و دەبێ بە زووترین کات بە خۆیان دابچنەوە.



سەرتیپ فاریق



سامان بریفکانی



زاگرۆس نانەکەلی



هونەر عومەر



سامان سلێمان

### مەحمود سەردار یاریزانی یانەی پێشکەوتن و هەڵبژاردەی کوردستان لە تایکواندۆ

# هیچ سودێکمان لە گەشتەکەی کۆریا نەکرد تەنیا گەشتێکی گوزاری بوو!!!

**مەحمود سەردار سەلام یەکێکە لە یاریزانە هەرە بە تواناکانی کوردستان و عێراق لە یاری تایکواندۆ کە دوا ڕۆژێکی پرشنگداری لێ چاوەڕێ دەکرێت، مەحمود سەردار لە دایک بووی ساڵی (١٩٨٨)ە لە شاری هەولێر و لە ساڵی (١٩٩٩) هاتە نێو یاری تایکواندۆ و ئێستا لە یانەی پێشکەوتن و هەڵبژاردەی کوردستان و هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکات و تا ئێستا چەندین پاڵەوانێتی لە سەر ئاستی کوردستان و عێراقی بە دەست هێناوە بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبکەین.**

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی

*** تا چەند سوودتان لە سەردانەکەی کۆریای باکوور کرد؟**

- دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتی زیتوون- کوردستان توانیم پلەی یەکەم بەدەست بێنم بریار درا کەوا گشت ئەو یاریزانانە کە پلەی یەکەمیان لەم پاڵەوانێتیە بەدەست هێنا سەردانی کۆریای باکوور بکەن بۆ مەبستی مەشق کردن و کردنەوەی ئۆردوگاییەکی مەشقی بۆیە ئێمە (٨) یاریزان دەست نیشان کراین کە (٤) کوڕ و (٤) کچ بووین بەڵام شاندی ئێمە لە (٢٠) کەس پێک هاتبوو کە زۆربەیان ئەندامی یەکێتی ناوەندی تایکواندۆی کوردستان بوون لەگەڵ چەند ناوبژیوانێک، ئێمە لەم سەردانە وەکو یاریزان لە لایەن هونەریەوە بە هیچ شێوەییەک سودمان وەرنەگرد چونکە کۆریەکان یارمەتیان نەداین بۆ ئەوەی شتی تازە لە یاری تایکواندۆ فێربین تەنیا شتە سەرەتاییەکانی تایکواندۆیان فێرکردین و ئەم سەردانە بۆ کۆریا تەنیا گەشتیاری بوو بۆ یاریزانەکان و ئێمە بەو هیوایە بووین کە شتی تازە فێربین تاکوو بتوانین بەشداری پاڵەوانێتیە گەورەکان بکەین بەڵام بە داخەوە ئەم هیوایەمان نەهاتە دی و لە چەند ڕۆژنامەیەک بڵاوکرابوو کە ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆریای باکوور مەشقمان کردووە ئەم شتە لە ڕاستی دوورە چونکە ئێمە سەردانی سەربازگای مەشقی کۆریامان کرد لەم سەربازگایا تەنیا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ماینەوە و یارییەکی دۆستانەمان کرد ئەم یارییەش سیستەمی خاڵ پەیڕو نەکرا تەنیا بۆ خۆشی بوو.

*** چۆن دەڕوانییە ئاستی تایکواندۆ لە کوردستان؟**

- ئاستی تایکواندۆ لە کوردستان زۆر بەرزە بەڵام هەندێک کێشە هەیە کە وای لە یاریزانەکان دەکات مەشق نەکەن ئەویش کە یاریزانانی تایکواندۆ بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ناکرێن و یاریزان لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکات موچەی لە هیچ لایەنێک وەرناگرێت.

*** ئایا یانەی پێشکەوتن بودجەی تایبەتییان بۆ ئێوە دابین کردووە تا ئێستا؟**

- ئێمە کە لە یانەی پێشکەوتن یاری دەکەین تا ئێستا یانەی ئاڵا بودجەی ئێمە وەردەگرێت و بۆ خۆی سەرف دەکات ئەمەش کێشەیکی گەورەیە پێویستی بە چارەسەر هەیە.

*** بۆ یانەی ئاڵات بە جێهێشت؟**

- تەنیا من یانەی ئاڵام بە جێ نەهێشت بەڵکو گشت یاریزانەکان ئەم یانەیان بە جێهێشت ئەویش بۆ کەموکوڕی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی ئاڵا دەگەڕێتەوە، کە ئێمە هۆڵێکی تایبەتی بە خۆمان دروست کرد تاکوو بتوانین مەشقی ڕۆژانەی خۆمان ئەنجام بدەین بەڵام دەستەی کارگێڕی کە زانیان شوێنی ئەم هۆڵە باشە ئێمەیان لەم هۆڵە دەرکرد و کردیانە هۆڵی ڕەشاقە تاکوو بازرگانی پێوە بکەن و بە ئێمەیان گووت بڕۆن هۆڵێکی تر دروست بکەن ئەمەش مەحاڵە و یانەی ئاڵا بیری لە یاریزانەکان نەکردەووە تەنیا بیری لە بەرژەوندی خۆیان کردووە و ئەم کارەش کاریگەریەکی زۆری لە ئاستی یاریزانەکان کرد بۆیە ئێمە یانەی ئاڵامان جێهێشت.

*** نیازی گەڕانەوەت بۆ یانەی ئاڵا هەیە ؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێمەوە یانەی ئاڵا چونکە یانەی ئاڵا نرخی یاریزانەکان نازانن.

*** پێشنیارت بۆ ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان چییە؟**

- من داوایان لێ دەکەم کە بە یەک چاو سەیری گشت یارییەکان بکەن و جیاوازی لە نێوانیان نەکەن.

*** بۆ لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردوام نەبووی؟**

-من کاپتنی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقم و بەڵێنیان پێ داین کە بەشداری لە پاڵەوانێتیی ئاسیا بکەین کە لە کازخستان ئەنجام دەدرێت بەڵام بەداخەوە ئێمەیان نەبرد بە بیانووی وەرنگرتنی فیزا و هەروەها بە هیچ شێوەییەک ڕێگا بە یاریزانی کورد نادەن تاکوو بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی جیهانی و ئاسیوی بکەن.

*** خۆشترین ساتی وەرزشیت؟**

- خۆشترین ساتی وەرزشیم ئەوەیە کە لە جامی زیتوون-کوردستان لە یاری کۆتایی ڕووبەڕووی برای بچوکم هاوکار بوومەوە کە بڕاستی خۆشترین ساتی وەرزشیمە و هاوکار دوا ڕۆژێکی پرشنگداری دەبێت ئەگەر بایەخی پێ بدەرێت.

***دوا وتەت؟**

- سوپاسی بەرێزان مامۆستا شێرزاد و نەجات باپیر و تاهیر سابیر و ڕاهێنەر حوسێن عەبدولڕەحمان دەکەم کە زۆر هاوکاریمان دەکەن و گشت پێداویستیەکانمان بۆ دابین دەکەن.





# ئیتۆ
# وەرزی داهاتوو یانەی بەرشلۆنە بە جێ دەهێڵێ

ڕۆژنامەی لاگزیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی رایگەیاند کە یانەی میلان بە نیازە بۆند لەگەڵ یاریزانی یانەی بەرشلۆنە ئیتو مۆر بکات  هەمان ڕۆژنامە تەئکیدی کردووە کە یانەی میلان پەیوەندەی بە ئیتۆ کرووە و یاریزان ئیتۆ رەزامەندی خۆی راگەیاند کە وەرزی داهاتوو لە یانەی میلان یاری بکات، یاریزان ئیتۆ هۆی بە جێ هێشتنی بەرشلۆنە بۆ نەبوونی هاندان گەڕاندەوە و هەروەها یاریزانەکانیش یارمەتی نادەن لە نێو و لە دەرەوەی یاریگا.



## راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دۆنادۆنی:

## تۆتی کێیە ؟ من نایناسم!!!

لە کۆنگرەیێکی ڕۆژنامەنوسیدا کە بۆ راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دۆنادۆنی سازکرا سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بۆ یارییەکانی پاڵاوتنی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ، یەکیک لە ڕۆژنامەنوسەکان پرسیاری سەبارەت بە بانگهێشتکردنەوەی یاریزان تۆتی بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دۆنادۆنی بە شێوەیەکی سەیر وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە کە گوتی:

تۆتی کێیە؟ من نایناسم و هەر گویم لە ناوی نەبووە

وهەروەها گوتی : ئەم مانگە زۆر گرنگە بۆ ئێمە و من پێویستم بە یاریزان هەیە  کە ئامادە بێت خزمەتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بکات .



# ریاڵ مەدرید خۆی بۆ وەرزی داهاتوو ئامادە دەکات

دەستەی کارگێڕی یانەی ریاڵ مەدرید هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ وەرزی داهاتوو ئامادە دەکات ئەویش بە مۆرکردنی چەند بۆندێک لەگەڵ چەند یاریزانێکی لاو و بە توانا و یەکێک لەم یاریزانانە یاریزانی یانەی پۆرتۆ وینز ئەندرسۆنە کە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و تەمەنی ١٩ساڵە کە ئەم یاریزانە دەتوانی جێگای یاریزان دێڤید بێکهام بگرێتەوە و هەروەها بۆ بە هێزکردنی هێڵی بەرگری یانەی ریاڵ مەدرید بە نیازە بۆندێک بە بڕی ٧ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ یاریزانی  یانەی ڕۆما  فیلیب مکسیس مۆربکات کە لە وەرزی ئەمساڵ ئاستێکی باشی نیشان دا لە یانەی ڕۆما ، یانەی ریاڵ مەدرید هەمان رێگای یانەی بەرشلۆنەی گرتە بەر ئەویش بە هێنانی یاریزانی بچووک بۆ ئەم مەبستەش میاتۆفێچ بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ریاڵ مەدرید سەردانی ئەمەریکای باکووری کرد کە هەوڵ دەدات بۆندێک لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی پیرۆ ریمۆند مانکۆ تەمەن ١٦ ساڵ مۆربکات  کە بە باشترین یاریزان دەستنیشان کرا لە پاڵەوانێتی کۆبا ئەمەریکا بۆ تازە پێگەیشتوان و ئەم یاریزانە دوا ڕۆژێکی یەکجار گەشی دەبێت.



